لە ڕۆژنامەی ئاوێنە ژمارە 6 لاپەڕە 13 وەرگیراوە

# کێشەی دکتۆر کەمال و هەندێ ڕەهەندی دیکەی ..

بەختیار عەلی

بەڕای من کێشەکەی دکتۆر کەمالی سەید قادر، لەڕووی سەمبولییەوە، یەکێکە لەو کێشە زۆر گرنگانەی دونیای سیاسەتو ڕۆشنبیری ئێمە لە دە ساڵی ڕابوردوودا ڕوو بەڕووی بۆتەوە. مانای گەورەی ئەم کێشەیە لەوەدا نییە کە دکتۆر کەمال کێیەو چی نوسیوە؟ بەڵکو لە سێ تەوەری سەرەکی دیکەدایە. یەکەم: تەوەری ئەو جۆرە یاساگەلەی لەڕۆحی دیموکراسی بەدوورنو لە پەرلەمانە کارتۆنییەکانمانەوە دەردەچن، کە حەیفە ناویان لێبنێین پەرلەمان. دووەم: تەوەری عەدالەتو دادگاو ئەو هەموو پەڵە ڕەشانەی لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا لەسەر ئیشی ئەم دەزگایە دروستبووە. دەزگایەک لەبری ئەوەی ئەنستیتوێکی ئازادو سەربەخۆ بێت، لەسایەی سروشتی هەندێک لە حاکمەکانییەوە، بۆتە پاشکۆی دەسەڵاتو پەیوەندییەکی بە عەدالەتەوە نەماوە. تەوەری سێهەم: کە من لەم ستوونەدا قسەی لەسەر دەکەم، تەوەری ڕووکاری ڕاستەقینەی ململانێی سیاسییە لە کوردستاندا. مەسەلەی بێدەنگیی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانە لە گوناهەکانی یەکتر.

مەسەلەی دکتۆر کەمالی سەید قادر کێشەیەک نییە بەتەنیا ڕووبەڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان ببێتەوە، بەڵکو بەهەمان پلە دەموچاوی ڕاستەقینەی حیزبە سیاسییەکانی دیکەی کوردستانیش ئاشکرا دەکات، ئیدی لە یەکێتی نیشتمانییەوە بیگرە تا سەر یەکگرتووی ئیسلامی. ئەم چیرۆکە ئەوە ئاشکرا دەکات کە ململانێی ئەم هێزانە لەگەڵ پارتیدا، خاڵییە لە هەموو هەستێکی ئەخلاقی، خاڵییە لە هەموو هەستێکی باڵاو بەهایەکی بەرز بۆ ئازادیو مرۆڤ. درۆیەکی گەورەیە بڵێین یەکێتی نیشتمانیو زەحمەتکێشانو شیوعییە کوردەکانو ئیسلامییەکان لەپێناو پاراستنی ئارامیو ئاسایشی سیاسی لە کوردستاندا چاو لەم گرفتانە دەنووقێنن. درۆیەکی گەورەیە بڵێین هەندێک لە ڕۆشنبیران باوەڕیان بە جیاوازی ئەدەبو سیاسەت هەیە، بۆیە لەم کێشانە بێدەنگن. ڕاستی هەرە گەورەی پشت ئەم بێدەنگییە ئەوەیە کە پرسی ئازادیو بەهای مرۆڤ لە فەرهەنگی سیاسی یەکێتی نیشتمانیو شیوعییە کوردەکانو ئیسلامییەکاندا هەرگیز پرسێکی گرنگ نەبووە. شێوازی دادگاییکردنی دکتۆر کەمال، تەنیا شێوازی پارتی نییە لە سەیرکردندا بۆ ئازادیو بۆ مرۆڤ، بۆ پەیوەندی دەسەڵاتو نووسەر، بەڵکو شێوازێکی باوە لە هەناوی واقیعی سیاسی کوردییەوە سەرچاوەی گرتووە. کولتووری کەمتەرخەمی دەرهەق بە ئازادیو مرۆڤ، کولتووری بەخشینی ماف بە دەسەڵاتدار کە تا ئەوپەڕی دڵڕەقی دڵڕەق بێت، کولتووری هەموو حیزبە سیاسییەکانی ئێمەیە. لێرەوە بێدەنگی دەرهەق بەو دۆخەی دوکتۆر کەمال، سەمبولێکە بۆ واقیعێکی مێژوویی دوورودرێژ، کە لەسەر فەرامۆشکردنی مرۆڤ و ئازادی دروستبووە. ئەم بێدەنگییەی سیاسییەکانو ژمارەیەکی بەرچاوی ڕۆشنبیرانی ئێمە، تەنیا ئەو قەیرانە ئەخلاقییە قووڵە دەرناخات کە پارتی دیموکرات تێیدا دەژی، بەڵکو قووڵترو ئاشکراتر ئەو قەیرانە ئەخلاقییەش ئاشکرادەکات کە یەکێتی نیشتمانیو هێزەکانی تر تێیدا دەژین. یەکێتی نیشتمانی کە دەتوانێت پێنج ساڵ لەسەر دابەشکردنی دوو وەزارەت تا ناکۆتا لەگەڵ پارتیدا کۆبوونەوە بکات، لە هیچ وێستگەیەکدا نەیتوانیوە مەسەلەیەکی ئەخلاقیو مرۆڤانە بکاتە بابەتی گفتوگۆو کێشەی سەرەکی خۆی. پارتیش بەودیودا هەموو ستراتیژی ئیشکردنی خۆی بۆ کەمکردنەوەی سنوورو کاری یەکێتی تەرخانکردووە، بێئەوەی لە مێژووی خۆیدا تاکە جارێک بەرگری لە مرۆڤو ئازادی بکات لە سنووری دەسەڵاتی یەکێتیدا. ئەم دوو هێزە جگە لە سامانو دەسەڵات لەسەر هیچی دی بەشەڕ نایەن، جگە لە سامانو دەسەڵاتیش لەسەر هیچی دی ڕێناکەون. بۆیە لەمەسەلەی دکتۆر کەمالدا چەندە حەقیقەتی سیاسی ڕاستەقینەی پارتی لەژێر پرسیاردایە، بەهەمان ئەندازەو زیاتریش ئەخلاقی سیاسی نوخبەی دەسەڵاتداری یەکێتی لەژێر پرسیاردایە.

بێدەنگی یەکێتی نیشتمانیو هێزەکانی تریش لەم کێشەیەدا ئەوە ئاشکرا دەکات کە ململانێی سیاسی ئەم هێزانە لەگەڵ یەکدا، خاڵییە لە بچووکترین نرخێک پەیوەندی بە دیموکراسییەتو عەدالەتو ئازادییەوە هەبێت. ئەوە ئاشکرا دەکات ئەم هێزانە بۆ ساتێکی کورتیش، بۆ هەڵوێستێکی بچوکیش ناتوانن ململانێیەک بکەن پەیوەندی بە فیکرو ئازادیو ئەخلاقەوە هەبێت، ناتوانن بۆ هەناسەیەکیش مرۆڤو ئازادییەکانی بەجیدی وەربگرن. لەم ڕوانگەیەشەوە هەقمانە یەکگرتنەوەی ئەم دوو هێزە، بە تێکەڵبوونی دوو ئیرادەی بێباک دەرهەق بە مرۆڤو ئازادی تەماشا بکەین...

ئێستا کە قسە لە ئازادکردنی دکتۆر کەمال لەگۆڕێیە، دەبێت دڵنیابین بەربوونی دکتۆر، هیچ یەکێک لەو مەلەفە گەورانە داناخات کە ئەم کێشەیە دووبارە کردنیەوە. ئازادکردنی دکتۆر کەمال دەشێت تراژیدیای مرۆڤێک کۆتایی پێبهێنێت، بەڵام کۆتایی بە تراژیدیای پەرلەمانێک ناهێنێت کە بڕیاریداوە هەتا هەتایە دەزگایەکی کارتۆنی بێت، کۆتایی بە تراژیدیای قەزاو دادگاکانی کوردستان ناهێنێت، کۆتایی بەو ڕاستییە ناهێنێت کە ئێمە هێزێکی سیاسیمان نییە، مرۆڤو ئازادییەکانی دوو بەهای گەورەبن لەلای.